# ئاماژەیەک بۆ ڕەشەکوژی ئافرەتان و هەنگاوێک بۆ یەکسانی



فاتیمە

**بەهار مەلا گچکە**

لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا کوشتنی ئافرەتان بەپاساوی ناموس کرینەوە شتێکی نامۆ نییە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ساڵێ بەچەندین ئافرەت دەبنە قوربانی دواکەوتوویی و نەزانی و نەخوێندەواری خێزان، مێژووی ئەم تاوانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان کە ئەوکات ئافرەت بەبچووکترین تاوان یان بوختان زیندەبەچاڵ دەکرا.

من دەتوانم بڵێم **ئافرەت هەمیشە تاوانی بەرامبەر کراوە و دەستدرێژی لێ کراوە**... هەتک کراوە، وێڕای ئەم هەموو زوڵمەش جارێکی تر لەلایەن کەسوکاری تاوانێکی گەورەتر و پڕ مەترسی تری دەرهەق دەکرێت بەکوشتن قەرەبووی تاوان لێکراو دەدرێتەوە.

من لە وەتەی بەبیرمە هەر ئافرەت بەهەموو جۆرەکانی تێدا زەرەرمەند بووە چ ئەوانەی تاوانبارن چ ئەوانەی تاوان لێکراون کەچی تاوانبارە ڕاستەقینەکە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت بێ ئەوەی کەس لۆمەی بکات. هەریەکێک لە ئێمە چەندین چیرۆکی کچانی بێ گوناهی کوشتەی دەستی برا و باوک و خێزان و کۆمەڵگە دەزانین زۆربەی هەرە زۆری ئەم ئافرەتانە بەهۆی قسەی هەڵبەستراو و ناووناتۆرە و بوختان ژیانیان لە دەست داوە، ئێمە کۆمەڵگەیەکین بەرگەی بچووکترین وشە ناگرین کە خێزانی تێدا لەکەداربێت دیارە لەکەداربوونی خێزانیش لەم کۆمەڵگایەدا پابەندە بەڕەوشتی ئافرەت. من خێزانێک بەنموونە دەهێنمەوە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر کچێکی ١٧ ساڵانەیان بەهۆی بوختان کوشت هەموو خەڵک و دراوسێ و



ئەسرین

ڕاپۆرتی پزیشکی و تەنانەت ماڵی باوکی کچەش دەیانزانی کچەکەیان پاکە و دوورە لە هەموو داوێن پیسییەک کەچی هەر سووربوون لەسەر کوشتنی کچەکەیان چونکە پێیان وابوو تازە ناوی کەوتۆتە ناوناوان دەبێت نەمێنێ دەر و دراوسێ چەند کەوتنە پاڕانەوە و لالانەوە سوودی نەبوو لە ئێوارەیەکی تاریکدا دایانەبەر دەستڕێژی گوللە و کوشتیان، سەیرە ئەوان پێیان وابوو بەکوشتنی کچەکە هەموو شتێک کۆتایی دێت کەچی وانەبوو چیرۆکەکە بوو بەدووبەش بەشێکیان کوشتنەکەیان بەهەق زانی بەبێ هیچ بەڵگەیەک بەشێکیشیان ئەوسا و ئێستاش نەفرەتیان لەو برایە کرد کە ئەو تاوانەی تۆمارکرد ئێستاش لەگەڵدابێ هەریەکە و بەجۆرێک باس لە کوشتنی ئەم کچە دەکرێت ئەمە و بەدەیان چیرۆکی لەم جۆرە زۆرن ئەمانە هەمووی هۆکاری دواکەوتوویی و نەزانی و نەخوێندەواری کۆمەڵگەی دواکەوتوون کەچی سەیرە خێزانەکانی ئەم کۆمەڵگە داخراوانە لە هەر وڵات و شوێنێک بن هەمان بۆچوون و بیرکردنەوە و نەریت و دواکەوتنیان هەر دەمێنێت. نموونەی ئەم جۆرە خێزانانە زۆرن ئەوەتا لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا... هتد چەندین کچ دەبنە قوربانی دواکەوتوویی بیری باوک ساڵاری جارێکی تریش نموونەی ئەسرین مەسیفی و فاتیمە وە دەیان کچی تر دێنمەوە دیسان پەنجەی نەزانی و دواکەوتوویی بۆ ئەم خێزانانە درێژ دەکەین کە بەکوشتنی کچەکانیان ئەوپەڕی بێ هێزی و بێدەسەڵاتی خۆیان نیشان دا کە نەیانتوانی لەم وڵاتە پێشکەوتووانە هەنگاوێکی چاک بنێن و لایەنە جوانەکانی ئەم وڵاتە وەرگرن و دوورەپەرێزبن لە لایەنە خراپەکان بەپێچەوانەوە ئەم جۆرە خێزانانە هەر دواکەوتووانە بیردەکەنەوە و

## ڕاگرتنی ماددەی (١٢٨)ی یاسای سزادانی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٩ مایەی دڵخۆشی ئافرەتانە

کوێرانەش هەنگاو دەنێن دڵنیام ئێستاش کەسانی وەک، **ئەسرین و فاتیمە نازانن بۆچی کوژران؟ کێ کوشتنی؟ گوناهەکانیان چی بوو؟** ئەی کێ لەسەر ئەم تاوانە بەدەنگ هات؟ چ یاسا و دەستوور و نەریتێک قەرەبووی لەدەستدانی ژیانی ئەم جۆرە ئافرەتانە دەکاتەوە؟! **ئەگەر لە وڵاتێکی وەک ئێمەدا تاکو ئێستا کوشتنی ئافرەت شتێکی ئاسایی بێت خۆ لە وڵاتانی تری دنیا ئەوپەڕی تاوانە** ئەی کوا وەڵامی ئەم هەموو تاوانە؟ ئەم وڵاتانە چییان کرد بۆ بەرگری کردن لە کوشتنی ئافرەت.



ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە هەناسەیەکمان بەبەردابێتەوە بەو پرۆژە پێشنیارکراوەی (٢٠) پەرلەمانتاری لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان کە خرابووە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان تێیدا پێشنیازی ڕاگرتنی مادەی (١٢٨)ی یاسای سزادانی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٩ دەکات کە پێشتر مادە یاساییەکانی یاسای باری کەسی و سزاکان لە مادەی ١٢٨ هەردوو برگەی (١) و (٢) یاسای ژمارە (١١١)ی برگەی (١) مادە (٣٧٧) و (٤٠٩) ساڵی ١٩٦٩ی عیراقی کە شەرعیەت دەدات بەکوشتنی ئافرەت بەبیانووی (غسل العار)

**کەسانی وەک ئەسرین و فاتیمە نازانن بۆ کوژران؟ کێ کوشتنی؟ گوناهەکانیان چی بوو؟ ئەی کێ لەسەر ئەم تاوانە بەدەنگ هات؟**

بەڵام بەپێی پرۆژەی پێشنیازکراوی ٢٠ پەرلەمانتاری کوردستان کە ڕەچاوی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت لە سزادان دەکات.

ئەمەش هەنگاوێکی چاکە و مایەی دڵخۆشی ئافرەتانە کە دەستوورێک هەبێت پارێزگاری مافیان بکات و هەقی یەکسانیان بداتێ چیتر بەر ترس و شالاوی ڕەشەکوژی نەکەون.